# شەڕی نەوت شەڕی ئێمە نییە

## یەکیتیو پارتی مافی وەبەرهێنانی نەوتیان نییە

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

لێدوانەکانی شەهرستانی لەسەر گرێبەستە نەوتیەکانی حکومەتی یەکێتیو پارتی لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکاندا هەڕەشەی دەستەو تاقمە ئیسلامیو قەومیەکانی عیراقە لە حکومەتەکەی پارتیو یەکێتی لەسەر ئەوەی دەیانەوێت بە تەنها سوود لە نەوتی کوردستان ببینن. مەسەلەی شەهرستانی ئەوە نییە کە ئەم سامانە لە لایەن هەردوو حزبەوە بۆ قازانجی خەڵکی کوردستان بەکارنایەتو کەس نازانێت داهاتەکەی وەک هەموو داهاتەکانی تری کوردستان دەچێتە گیرفانی کێوە. تەنانەت مەسەلەی ترس لە " سەربەخۆیی خوازی" پارتیو یەکێتی نییە کە سەدان جار وتوویانە: (کوردستانی سەربەخۆ خەونی شاعیرانە). مەسەلەکە بە سادەیی ئەوەیە کە شەهرستانی لە زمانی مافیا نەوتدزەکانی بەسرەوە لە نەوتی کوردستانیش داوای بەش دەکات.

وا دیارە مامەڵەی ژێربەژێری ئەم دوو تەرەفە مافیاییە بە ئەنجام نەگەیشتووە بۆیە کارەکە گەیشتۆتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئاماژەی بەرهەم ساڵح بەوەی کە دوور لە توندکردنەوەی ئیعلامی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بانگهێشتکردنی تاقمە ئیسلامیو قەومیە مافیاییەکانی عیراقە بۆ ژێربەژێر ڕێککەوتنو دابەشکردنی قازانج. دووریش نییە سەرەنجام ئەم ڕێکەوتنە لە پشتی پەردەوە ئەنجامبدرێتو هەموو ئەم هەڵلایەش کە ساز بووە خامۆش ببێتەوە.

بەڵام تەنانەت ئەگەر شەهرستانی لە هەڵوێستێکی شۆڤێنیستانەشەوە بەربەست بۆ گرێبەستە نەوتیەکانی حکومەتی یەکێتیو پارتی دروست بکات، ئەوەی شەهرستانی دەیڵێتو دەیکات، زەرەیەک شەرعیەت بە بڕیارەکانی حکومەتی یەکێتیو پارتی نابەخشێتو ئەوان ناکاتە خاوەن هەق. یەکێتیو پارتی کە هەموو داهاتی کوردستانیان خستۆتە خزمەت توندوتۆڵکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیانو خەڵک لە هەژاریو نەداریدا ڕاگرتووەو سەروەتو سامانی وڵاتیان کردۆتە سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونی خۆیانو چینی سەرمایەداری کوردستان بە هیچ شێوازیک نابێت لە هیچ پشتیوانیو سەمپاتیەکی خەڵک بەهرەمەند بن. یەکێتیو پارتیو حکومەتەکەیان شەڕ لەسەر بەرژەوەندی خەڵکو مافەکانیان ناکەن، بەڵکو شینی قازانجی خۆیان دەکەن.

کێ زەمانەتی ئەوە دەدات نەوتی کوردستان کە موڵکی حاشاهەڵنەگری خەڵکی کوردستانە، تا کاتیک بە دەست یەکێتیو پارتیەوە بێت، داهاتەکەی بۆ خۆشگوزەرانیو بەختەوەری خەڵک خەرج بکرێت. کێ دەتوانێت بەڵێن بە خەڵک بدات کە داهاتی ئەم سەرچاوە سروشتیەش بە دەردی هەموو ئەو سەروەتەی چەندین ساڵە دەکەوێتە دەست هەردوو حزبەوە ناچێتو بانکەکانی دەرەوەی لێ پڕ ناکرێتو ژیانی شاهانەی بۆ دەسەڵاتدارانو سەرمایەدارانی کوردستان پێ فەراهەم ناکرێت. کێ دەتوانێت یەکێتیو پارتی موحاسەبە بکاتو لە بەردەم بەرپرسیارێتیدا دایانبنێت.

خەڵکی کوردستان، کریکارانو زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتە، نابێت لەم جەدەلەی نێوان حکومەتی جوتحزبو شەهرستانی کە کاربەدەستێکی دەسەڵاتی دەستەوتاقمە ئیسلامیو قەومیە مافیاییەکانی عیراقە، لە پەنا یەکێتیو پارتیدا بووەستن. بەڵکو خەڵک هێزی سێهەمەو دەبێت سەربەخۆ شەڕی خۆی بکات. شەڕی خەڵک تەنها لە بەرامبەر شەهرستانی کۆنەپەرستو حکومەتە ئیسلامیە قەومیە

داردەستەکەی ئیرانیدا نییە، بەڵکو هاوکات لەگەڵ یەکێتیو پارتیو حکومەتە فاسیدو بێ حیسابو کیتابەکەشیاندایە.

ئەوە ڕاستە کە یەکێتیو پارتی هەقیان نییەو نابیت ڕێگایان پێ بدرێت یەک قەترە نەوتی کوردستان بێ ئاگاداری خەڵکو بە دزیەوە دەربهێنن‌و بفرۆشن. دەقی تەواوی ئەو گرێبەستانەی ئەم حکومەتە لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکان ئیمزایان کردووە دەبێت لە دەسترەسی خەڵکدا دابنرێتو تەواوی حیساباتو تێچوون‌و قازانجی ئەم گریبەستانەو ئەوەی تا ئێستا کراوەو دەبێت بخرێتە بەردەمی خەڵک. هیچ بڕووبیانوویەکی وەکو ئاسایشی نەتەوەییو فرۆفیشاڵی لەم چەشنە لە یەکیتیو پارتیەک کە موسابەقە لەسەر پەیوەند گرتن لەگەڵ دەزگا سیخوڕیەکانی ناوچەکەو جیهان دەکەن قبووڵ ناکرێت.

بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم ئاشکرا کردن‌و شەفافیەتەش هیچ لەوە ناگۆڕێت کە خەڵک لە هەل‌ومەرجی ئێستادا بۆ بەرگرتن بە ڕاووڕووتی یەکێتیو پارتیو دیفاع لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەستیان بە هیچ ئامرازێکەوە بەند نییە. خەڵک با هەموو ڕاستیەکانی چەپاوڵی پارتیو یەکێتیش بزانێت، بە چی دەچێت؟ بە کام هەیئەتی تەشریعیو بە کام مەرجەعی سەروو حزبی بەریان بە فەسادو گەندەڵی یەکێتیو پارتی پێدەگیرێت. بە "پەرلەمانێک" کە پێش کۆبوونەوەی تەنانەت دەستور کاری خۆشی نازانێتو نازانێت چی موناقەشە دەکات؟ بە کۆمەڵێک موەزەفی حزبی کە کراون بە ئەندامی دەزگایەک هیچ نییە مۆرە لاستیکی دەستی پارتیو یەکێتی نەبێت بۆ شەرعیەت بەخشین بەم دەسەڵاتە عاجباتیەو بڕیارەکانی؟

خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت چاودێری سەروەتو سامانی خۆیان بێتو لە دەستی درێژی ئەم حزبانە بیپارێزێت دەبێت خاوەنی هەیئاتی سەڵاحیەتداری وا بێت کە حزبە دەسەڵاتدارەکان لە بەرامبەر لێپرسینەوەدا ڕاگرن. لە جیاتی ئەم پەرلەمانە بێ گیانە دەبێت دامودەزگایەک لە نوێنەرانی خەڵک پێک بێت کە چاودێری هەر دەسەڵاتیکی تەنفیزی بکاتو بتوانێت پارێزگاری لە سەروەتو سامانی خەڵک بکاتو دەسەڵاتی وەلانانی ئەوانەی هەبێت کە لە بڕیارەکانی لادەدەن. تا کاتێک ئەو دەزگایە بوونی نییەو نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک لە دەسەڵاتدا نین، هەر دەستکاریکردن‌و بەکاربردنێکی سامانی سروشتی کوردستان‌و وەبەرهێنان لەم بوارەدا ناقانوونیە.

یەکێتیو پارتی مافی دەرهێنانی نەوتو بەستنی هیچ گرێبەستیکیان نییەو خەڵک مودەعیە بە سەر هەر کارێکەوە کە ئەم حزبانە لەم بوارەدا دەیکەن. نە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکان، نە گرێبەستی حکومەتی مەرکەزی عیراق لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە لەسەر نەوتی کوردستان، نە گرێبەستی هاوبەشی حکومەتی هەرێمو حکومەتی مەرکەز هیچیان لە ڕوانگەی خەڵکەوە قانوونی نین. نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ یەکەمین ڕۆژی گەیشتنە دەسەڵاتیان ئەم گرێبەستانە هەڵدەوەشێننەوەو هەموو لایەنەکانی بەشدار تیایدا ڕووبەڕووی قانوون دەکەنەوە.

ئەوە تەنها چاوبەستە کە دەرهێنانی نەوتو وەبەرهێنان لەم بوارەدا بناغەی ماددی بۆ دەوڵەتیکی سەربەخۆ فەراهەم دەهێنێت. لە سایەی دەسەڵاتی میلیشیاییدا، وەبەرهێنانی نەوت هیچ ناخاتە سەر ژێرخانی ئابووری کوردستان‌و تەنها مافیاکان بەهێزتر دەکات. بۆ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین ملیار دۆلار نەکەوتۆتە دەستی یەکێتیو پارتیەوە؟ کامە پڕۆژەی ژێرخانیی لە کوردستان ئەنجامدراوە؟ لە کام بواردا پێشکەوتن ڕوویداوە؟ ڕیگاوبان‌و ئامرازەکانی هاتوچۆ پێشکەوتوون؟ تۆڕەکانی ئاوو ئاوەڕۆ چاککراون؟ کێشەی کارەبا چارەسەر کراوە؟ پۆستو گەیاندن ڕێکخراوە؟ ئەگەر بە

مەبەستی کەسبی سەریعو خۆدەوڵەمەندکردنی هەندێک سەرمایەدار نەبووایە مۆبایلو شەبەکەی تەلەفۆنمان دەبوو؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە چەند ساڵی دەسەڵاتداریێتی یەکێتیو پارتی هاوتا بووە لەگەڵ گەورەترین تێکدانو وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری. ئەم دەسەڵاتە خەڵکی تا ئاستی خواردنەوەی ئاوی تێکەڵ بە زێراب هێنایە خوارەوە.

لەم نێوەدا نەوشیروان مستەفاش کە وا دیارە بۆنی نەوت وەخەبەری هێناوە بۆ ئەوەی بەرامبەر بە دەسەڵاتی مەرکەز بکەوێتە دیفاع لە هەڵوێستی یەکێتیو پارتیو خەریکە ڕاوێژی نەخوازراوو خۆڕایی بە یەکێتیو پارتی دەدات، لە ووتارێکیدا لە ڕۆژنامەی رۆژنامە قەولی پشتیوانی خەڵک بە مەرجی ئاشکرا کردنی وەسڵەکان بە یەکێتیو پارتی دەدات. دەبێ بڵێین کە نەوشیروان لەم بابەتەوە تەنها نوێنەرایەتی خۆیو جەماعەتەکەی خۆی دەکات. خەڵکی کوردستان لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا دەسەڵاتێکی ناقانوونی وەک دەسەڵاتی ئێستای یەکێتیو پارتی بو وەبەرهێنانی سامانە سروشتیەکانی بە ڕێگاپێدراو نازانێت. هەروا خەڵکی کوردستان دەبێ لە بناغەوە ئەم یاریە قێزەونە کە لەسەرەتای دامەزراندنەوەی ئەمەی پێی دەوترێت دەوڵەتی عیراق (کە لە ڕاستیدا هیچ نییە مەجلیسی باندەکانی دزیو ڕاووڕووتی عیراقی نەبێت) ڕەنگی بۆ ڕیژراوە، خۆی بە دوور بگرێتو لەم ململانێ مافیاییەدا لە پشتی یەکیتیو پارتیەوە نەوەستێت.

سەرووبنی ئەم یاریە ئەوەیە کە لە ژێرناوی دیموکراسی تەوافوقی دەوڵەتی "نوێنەرانی" قەومو قەبیلەکانی عیراق دروست بکەنو خەڵک بە ناسنامەی قەومیو دینیو مەزهەبیو تائیفی جۆربەجۆرەوە بکەن بە گژ یەکترداو وا بنوێنن کە حەقی هەر گروپە لە ژێر دەست یان لە سکی ئەوی تردایە، خەڵك بکەونە ناو ململانێیەکی بێ کۆتاییەوەو لە نێوان دوو جەمسەری سکی یەکتر هەڵدڕینو دەستی یەک شکانەوە هاتو چۆ بکەن. فیدرالیزمی قەومیو مەزهەبی، تەنانەت ئەو کاتەش کە نەبۆتە هۆکاری شەڕو خوێنڕشتن، دەستی دەستەو تاقمە دەسەڵاتدارەکان دەکاتەوە کە هەرچی نەبوونیو هەژاریو بێمافی هەیە بیخەنە ئەستۆی مەرکەز یان قەومو تایەفەکانی ترو خۆیان وەک نوێنەرو داکۆکیکاری ڕاستەقینەی "قازانجی قەومو تایەفەکانیان" نیشان بدەن.

بەم جۆرەش ئەوەی کە تەسبیت دەبێتو خەڵک بێ ئەوەی هۆشیار بن دەچنە ژێرباریو قبووڵی دەکەن، حکومەتی موتڵەقەی سەرانی ئەم دەستەو تاقمە مافیاییانەیە لە ناوچەکانی دەسەڵاتیاندا. کەم دەسەڵاتی دیکتاتۆری بە ئەندازەی دەسەڵاتی ئەم دەستەوتاقمانە بێ باکە بەرامبەر موعاناتو داواکاریەکانی خەڵک، کەم دەسەڵاتی پۆلیسی بە ئەندازەی ئەم حکومەتۆکانە هەست بە ئەمنیەتو دووری لە تووڕەییو نارەزایەتی ڕێکخراوو یەکگرتووی خەڵک دەکات.

دیموکراتیەتی تەوافوقی "نوێنەرانی قەومو قەبیلەو تایەفەکان"، دیموکراتیەتێکی درۆینەیە کە ئیستیبدادی دەوڵەتی مەرکەزی کۆنی وورد کردۆتەوەو لە هەر سووچو قوژبنێکی عیراقدا چەندین موستەبیدو دیکتاتۆری قووتکردۆتەوە. ئەم سەداموچکانە بێ ئەوەی پێویستیان بە دەزگای داپڵۆسێنەریش هەبێت ئەو یاریە قێزەونە میکانیزمێکی ئاسایی بۆ توندکردنەوەی دەسەڵاتیان دەهێنێتە کایەوە. ئەو هەلومەرجە هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕینی دەسەڵاتو مۆدێرنیزە کردنو کردنەوەی فەزای سیاسی بۆ بەشداری جەماوەری خەڵكو تاکەکانی کۆمەڵ پەک دەخات.

ئەم بەرانبەرکێیەی نێوان حزبو تاقمە قەومیو تائیفیەکان خەڵک دەکاتە ڕەشەلەشکری بێئیرادەو گوێڕایەڵی دەسەڵاتو وێنەیەکی سەرەوبن لە قازانجو بەرژەوەندیەکانی خۆیانیان نیشان دەدات. ئەم شەڕی نەوتە نموونەیەکی ئەو بەرامبەرکێیەیە کە ئیتر لە سایەی ئەم بە ناو دەوڵەتەدا سیناریۆی

هەموو ڕۆژێکی ژیانی خەڵک دەبێتو هەموو خواستو هەوڵێکی خەڵک بۆ ئایندەیەکی باشتر دەخرێتە ژێر سێبەری ئەم بەرامبەرکێ کۆنەپەرستانەیەوە. ئەم یاریە قێزەونە دەبێت کۆتایی بێت. خەڵک دەبێت هەموو ئەم مێزی قومارە هەڵگێڕنەوە.

خەڵکی کوردستان نەک لە پێناوی ڕزگاربوون لە ستەمی نەتەوایەتی، بەڵکو لە پێناوی هێنانەدی دامودەزگای مەدەنیو هاوچەرخ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەبێت خواستی جیابوونەوە لە عیراقو پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەرزبکەنەوە. ڕێگای ڕزگاربوون لە دەست حوکمی ئەم مافیایانە تێکدانی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی نوێنەرانی مافیاکانی عیراقە. بێ سەربەخۆیی کوردستان لە سایەی دەوڵەتی بەناو فیدراڵی عیراقدا تا هەتایە هەر پارتیو یەکێتیو حزبی کۆنەپەرستی چەشنی ئەوان دەسەڵاتدار دەبن. شەڕی ڕاستەقینەو سەرووماڵی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان هەر ئەمەیە. خەڵک لە ڕەوتی خەباتی ڕۆژانەو بێ پسانەوەیان لە بەرامبەر تاڵانو بڕۆی دەسەڵاتی حاکمی کوردستانو لە پێناوی خواستو مافە سەرەتاییەکانیان، دەبێت ڕیزی خۆیان بۆ بەسەرنجامگەیاندنی ئەم ئاڵوگۆڕەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە قەومیو سکولار یەکگرتوو ڕیکخراو بکەن.

ئەم شەڕە لابەلاو ئیختیلافە مافیاییانە شەڕی خەڵک نین. نابێت ڕێگا بدرێت پارتیو یەکێتیو موشاوری خانەنشینی وەک نەوشیروان خەڵک چەواشە بکەنو لەم شەڕە بێ ئەنجامو بەرهەمەیانەوە بۆ خۆیان، بئاڵێنن. هیچ خواستێکی خەڵک لەسەر ئەنجامی ئەم شەڕە نەوەستاوەو ناوەستێت. وا زستانەو خەڵک سووتەمەنیان پێویستە، کەس نابێت ئەوە لە یەکێتیو پارتی قبووڵ بکات کە هۆکاری نەبوونی سووتەمەنیو کارەباو ئاوی پاکو باقی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان ئەوەیە کە ڕێگا بە حکومەتی هەریم نەدراوە دەست بەسەر سامانی سروشتی کوردستاندا بگرێت. ئەم خواستو داواکاریانە دەبێ جیبەجێ بکرێنو بودجەیەک کە لەبەردەستی دەسەڵاتدایە دەتوانێت خەرجی بەجێ گەیاندنی ئەم خزمەتگوزاریانە بە زیادەوە فەراهەم بکات.

تا دەوڵەت لە کوردستاندا پیک نەیەت. تا دەسەڵاتێکی قانوونی پێک نەیەت کە نوێنەرایەتی خەڵک بکات، هەر وەبەرهێنانێک لە بواری نەوتدا هەر کەس بیکات، دزیەکەو لە سامانی خەڵک دەکرێت. یەکێتیو پارتی هەقی دەست بەسەردا گرتنی سامانی سروشتی کوردستانیان نییە.

07-11-29